# بەشی سێهەم

# یەکەی مامەڵەو جەوهەری قەیران

موحسین ئەدیب

بۆئەوەی وادەرنەکەوێ میپالیانە بیردەکەینەوە، گەرەکە ئەوە یەکلایی بکەینەوە کە ئێمە لەم باسەو لەشێوازی بیرکردنەوەشماندا، بڕوامان بەیکەی (مامەڵە) هەیەو هیچ شتێك نەفی ناکەین‌و بڕیاری لەپێشینەی چاك‌و خراپ، جوان‌و ناشیرین بەسەریاندا ناسەپێنین، بۆیە ئەگەر لەم باسەشماندا بەدیدێکی رەخنەییەوە لەسەر هەندێ شت دوابین بەتایبەت زانست (عیلم) بەچەمك‌و دیوە جۆراوجۆرەکانیەوە، ئەوە مانای ئەوەیە بەهەندیان دەگرین‌و مایەی گرنگی پێدانمانن.

بەڵام لەهەمان چرکەدا گەرەکە (چەندێتی‌و چۆنیەتی) ئەو مامەڵەیە روون بکەینەوە، لێرەوە ئەمەوێ ئەوە بدرکێنم پێویستە مامەڵەمان لەگەڵ شتەکاندا، بۆ وەرگرتنەوەی –خود– بێ، نەوەك بۆ لەدەست دانی – خود–، بۆئەوەی (ئێستا) وەرگرینەوە لەگەڵ (نوسراوو مێژوودا) مامەڵە ئەکەین، بۆئەوەی (ئێرە) خۆماڵێکەین لەگەڵ (ئەوێ)دا مامەڵە ئەکەین، بۆئەوەی ئەمرۆمان چالاك‌و زیندوبێ مامەڵە لەگەڵ –دوێنێدا ئەکەین بۆئەمەش ئەبێ بەردەوام ئەوەمان لەپێش چاوبێ کەبەپێوەرە ئامادەکانی (خودو ئێستاو ئێرە) مامەڵە لەگەڵ (ئەویدی‌و دوێنێ‌و ئەوبێ)دا نەکەین، روونتر بڵێم جەوهەری قەیران لەهەڵەی مامەڵەماندایە لەگەڵ شتەکاندا، نەوەك لەخودی شتەکاندا، چونکە ئەگەر ناوەندی رۆشنبیری ئێمە لەمێژوو و هەنوکەشیدا –مامەڵە–ی هەبووبێ، ئەوا دوو جۆر مێژوو، دوو جۆر ناوەند کاریگەری هەیە لەسەری‌و مانا ئەداتە موفرەدەکانی ناو کایەکە:–

١–مێژوو و رۆشنبیری ئیسلامەتی‌و ناوەندی پێگەیشتنی ئەو ئاینە.

٢–مێژوو رۆشنبیری رۆژئاواو ناوەندی پێگەیشتنی ئەو رۆشنبیرییە.

دڵنیام لەوەی سەرەتای رۆشنبیری ئێمە لێرەوە هەنگاو دەنێ، و ئەگەر قورسیش نەبێ ئەڵێم هەر لێرەشدا تەواو دەبێ‌و کۆتایی دێ، بەدڵنیاییەوە ئەمەش پەیوەندی نییە بەجۆری ئەو رۆشنبیریانەوە، بەڵکو پەیوەندی بە چەندێتی‌و چۆنیەتی – مامەڵەی – ئێمەوەیە لەگەڵیاندا.

ئەو رۆشنبیریانە بەر لەوەی هەر شتێکی ئامادەو دروست کراوبن، هێزێك، شعورێکی زیندو، گیانی گۆڕان هەیە لەباکگراوند بەڵام ئێمە لەبری ئەوەی ئەو رۆحە زیندوە دەرك بکەین‌و کاری لەسەر بکەین و خۆماڵیانە بەرهەمی بهێنین، بەپێچەوانەوە شتە ئامادەکراو و مردووەکان کۆنترۆڵمان دەکەن‌و ئەو رۆحیەتی – کردن–ەش لەناخماندایە دەمرێ، لەبری ئەوەی شعوری

ئاینی کەشف بکەین‌و بیکەینــە پێگــەی تێڕوانینمــان، زانسـت (عیلـم)ی ئـاینی‌و مودیـل‌و قاڵبـەکان ئیستیراد دەکەین.

هەر لێرەوەیە لای ئێمە پێودانگی ڕۆشنبیری‌و ڕۆشنبیربوون ئەوەیە بـارێ زانسـتی نـاو کتێـب‌و کۆمەڵە زاراوەیەکی ئامادەو وەڵامە بەساندویچ کراوەکانت لەبـەر کردبێـت، یـاخود بـەدێوێکی تـردا ڕۆشنبیر کەسێکە لەگەڵ نموزەج و مۆدیلاتی کەسێکی ڕۆژئاواییدا یەك بگرێتەوە.

لێرەوە، لەم مامەڵەیەدا بەتێپەڕینی کات دوو جۆر کەسێـتی لەناوەندی ڕۆشنبیری ئێمــەدا وەك نوێنەری ڕۆشنبیری گەلاڵە بوو، کە تاگەیشتونەتە ئێمە پیربوون‌و شعورو روحیەتی – کردن – یـان تێدا مردووە. ئەوانیش:

١–مەلا (مامۆستای ئاینی).

٢–ئەفەندی.

ئـەم دوو جــۆرەی ڕۆشــنبیر هەرچــەندە لــەفۆڕمدا جـودان، بــەڵام لەچــەندێتی‌و چۆنیــەتی کارکردنیاندا جیاوازی‌یەکی وایان نەبووە بەتەنـها لـەوەدا نـەبێ کـە هـەر یەکـەیان جـۆرە قـاڵبێك‌و شێوە مودیلێکی جیاوازی بەرجەستە کردووە، پێدەچـێ ئەمـەش لەبـەر ئـەوەبێ کـە هـەردووکیان لەناو چوارچێوەی دەزگاکاندا کارو دەکەن‌و ئـەوان بەتەنـها تیـایدا کارمـەندن‌و هیچـی دی، ئیشـی سـەرەکی کارمـەندو دەزگاکـانیش، بەتەنــها جێبــەجێکردنی فــەرمانی ئامــادەو پاراســتنی ئــەو دەزگایەیەو هیچی دی، لەکاتێکدا کاری جەوهەری ڕۆشنبیرو ئاینی بوون بەڕای من تێپەڕاندن‌و تێك شکاندنی دەزگاکانە: ئاین لەناخی خۆیدا هەموو بوونە مولْکــێ رەت دەکاتــەوە، ئـاین رەتـی ئـەوە دەکات کۆمەڵێ کەس ببنە نوێنــەری‌و تەمسـیلی بکـەن، لـێرەوە جەوهــەری ئـاین ئـەوە دەخـوازێ لەچرکەیەکدا لەناوماندابێ‌و لەناویشیدا بین، ئـاین لـەوە مـەزنترە کۆمەڵـە کەسـێك فۆرخـی بکـەن‌و ئیش لەسەر ئەوە بکەن تاکە دەم راستی ئاین ئەوانن پێشم وایە ئەمە ئەو زەبـرە کوشـەندەیە کـە لەدڵی هەموو ئاینێ دەدرێ، ئەو بیدعەی جەرگ بڕەیە کە لەناخەوە هەموو ئاینێ بـەکوللی رەفـزی دەکاتەوە (قل ياأهل الكتاب تعالوا الى كلمه سواو بيننا وبينكم ان لانعبد الا الله، ولانشرك به شيئا، ولايتخڑ بعچاً بعچاً ارباباً من دون الله) (ئ‌ل عمران –٦٤)

ئەگەر ئەمە جەوهەری ئاین بێ، بێگومان کایەی ڕۆشنبیری ئەگەر یـەکی نـەبێ لـەهاو ماناکـانی ئـاین‌و دیوێکـی تـری ئـەوا بێگومـان دەرئـەنجامێکی ئاینـەو کاریـان یـەکانگیرەو بـەردەوام لـەدژی پرۆسەی بەموڵك بوون‌و بەقاڵب بوون دەجەنگن.

بۆیە ئەگەر بەجیا باس لەڕۆشنبیری بکەین گەرەکە ئەوە بڵێین کە کرۆکی ئەم کایەیـە لـەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە بە بەردەوامی لەخۆ نوێکردنـەوەو دەرەوە نوێکردنەوەدایـەو بـەکوللی رەفزی بەموڵك بوون دەکات.

بـەڵام لـەناوەندی ڕۆشـنبیری ئێمـەدا هـەردوو کایـەی (ئـاین – ڕۆشـنبیری) لـەرێڕەوی خۆیــان لادراون‌و پێناسەیەکی تریان پێبەخشراوە، واتە کراونەتـە نوسـراوێك‌و خوێندنـەوە قـەبوڵ ناکـەن، کراونەتە قاڵبێك و شۆڕش‌و داهێنانیان زۆر لا ئەستەمە.

لـێرەوە لـەناوەندی ڕۆشـنبیری ئێمـەدا هـەر یـەکێ لـە (مـەلا) و (ئەفـەندی) هـەم ئـاین‌و هــەم ڕۆشنبیریشیان وەك قاڵبێکی ئامادەو نوسراوێکی پیرۆز بەرجەستە کردووە، بۆیە سەرەڕای ئیجابی نەکەوتنەوەیان، خودی ئەو تێزانە بەپێچەوانەوە بونە هـۆی پچڕانـی رایـەڵی دایـەلۆگو پـەیوەندی

کایە جۆراوجۆرەکــان. چونکــە هــەروەك پێشــتر وتمــان و رونمــان کــردەوە، هەمیشــە شــەڕو لێکنەگەیشتن لەنێوان دوو تێزدا بوونی هەیە کە هەردوکیان لەقۆناغی ناشیعریەتدا (بە عیلم بــوون) دابن، واتە شەڕو هەراکە لەسەر ئەوە نی‌یە کە ئەم دوو تێزە لەیەك دوورن‌و پردی دایـەلوك دادیـان نادات، بەڵکو لەجەوهەردا لەبەرئەوەیە کە ئەوان هەردوکیان قاڵبن‌و بەئامادەیی هێـنراون‌و بەتەنـها جێگۆڕکێیان پێکراوە.

ئەگـەرنا ئـەم دوو تـێزە لەهـەموو شـتێك زیـاتر پێویسـتیان بەیەکدی‌یـە ئەگـەر قـاڵب‌و وەڵامــە ئامادەکان وەلانێن‌و جارێکی دی خۆماڵیانە کاربکەن، ئەوا نمونەیەکی نوێی ڕۆشنبیرو نـاوەندێکی زیندوی ڕۆشنبیری لەدایك دەبێ کەیــەکجار جیاوازبــێ لـەدۆخی ئێسـتاو لەوەئـەچێ ئەمـەش تەنـها ئەلتەرناتیفێ‌بێ بۆ گوڕدان بەم قەیران‌و متبوونەی هەنوکەی ڕۆشنبیری کوردی.

ئەگـەر روون تـر قسـە بکـەین، لـەناو ڕۆشـنبیری ئێمـەدا –مـەلا– وەك مۆدیلێکــی ئــایینی‌و – ئەفەندی– وەك مۆدیلێکی ڕۆژئاوایی ئامادەگیان هەیە، ئەگەر ترۆپکی (مەلا) بوون، دوانزە عیلمــی بێت، ئەوا لوتکەی ئەفەندی –بوونیش بە (مامۆستای زانکۆ) بوونە.

وەك ئاماژەم پێکرد ئەم دوو ناسراوەی ناو ڕۆشنبیریمان لە سەرێکەوە زۆر جیاواز دەردەکەون، بەڵام لەهەمان چرکەدا چەندین خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر هەندێکیان:–

١–جەخت کردنەوە لەسەر سەرچاوەو نوسراو: هەردوولا بەشێوەیەکی تەقلیدی جەخت لەســەر نوسراوو سەرچاوە دەکەنەوە. ئەگەر مەلا وەك نوێنەری کلتورێك بـۆ راسـتی‌و دروسـتی شـتەکان‌و لـەبێژەنگ دانیـان سـەرچاوەو نوسـراوەکانی مێـژوو بەسـەنگی مەحـەك بزانـێ کۆنـترین سـەرچاوە بەچاکترین بەڵگە بزانێ، ئەوا – ئەفەندی – یش وەك پرنسیپێکی ئامادە زۆرترین سەرچاوە ئەکاتە پێودانگی سەرکەوتوویی و کەمترین سەرچاوە ئەکاتە پێودانگی لاوازی بابەتێك.

دیارە ئەم شێوە ئیشکردنە، ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە، دەرگاکـانی عـەقڵ قفـڵ ژەن دەکـەن، چونکە ئەگەر نوسراو ووتراوەکان ئامادەگی تەواویان هەبوو ئــەوا مـاوە نامێنێتـەوە بـۆ ووتـن، بـۆ نوسین، ئەگەر زۆرترین سەرچاوە ئامـادەیی هـەبێ ئـەوا کـەمترین بـوار ئەمێنێتـەوە، بـۆ ووتـن بـۆ نوسین بۆیە ئەوکات جۆری ئیشکردنمان لەپرۆسەی نوسینەوە دەبێتە پرۆسەی ماشینەوە). لێرەدا دەبێ پرسیارێك بوروژێنین، چۆن کارێ بکەین نوسراوەکانی ئێمەش ببنە سەرچاوە؟ چـۆن ژمـارە (یەك) بکەینە ژمارە دوو؟ بەرای من پێویستە بۆ ئەم مەبەستە دوو رێگە بگرینە بەر:

١–خۆ دزینەوە لەنوسراو وەك یەکەمین سەرچاوەی ڕۆشنبیربوون.

٢–مامەڵەمان لەگەڵ سەرچاوەدا بگۆڕین: واتە ئێمە سەرچاوە بەکاربـهێنین ئێمـە نوسـراوەکان سەر لەنوێ بنوسینەوە نەوەك سەرچاوە ئێمە بەکاربهێنێ نەوەك نوسراوەکان ئێمە بنوسنەوە.

٢–هەردوولا ئاسۆیی کار دەکەن: ئاسۆیی کارکردن بەو مانایـەی ڕۆژانـەو بـە بـەردەوامی شـتی ئامادەو هێنراو و باو، دوبــارە بکەینـەوە، بـەبێ دەرك کردنـی کرۆکـی ئـەو شـتانە، بـەبێ تێڕامـان لەزیندوویی‌و کارایی ئەو شتانە، دیارە ئەمەش دوو هۆی هەیە، یەکەم لەسلبیەتی مامەڵــەوە، واتــە ەلگەڵ شتەکاندا وەك ئامادە کراوێك مامەڵە دەکەن، نەك وەك کەرەستەی خاو، ئەمــەش وادەکـات هەردوولا لەدەرەوەی زماندا کاربکەن‌و نەچنە ناو توناتونەکانی زمان‌و مانای نوێ بەرهەم نەهێنن، و زیاتر ڕۆتینــی ببنــەوەو دواجـار وەك بەکاربــەرێ (مسـتهلك) بمێننــەوەو هیچـی دی، دووەم هـۆی

ئاسۆیی کارکردن تەبایی بوونە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدا (دەسەڵات بە رەهەندە کۆمەلایەتیو ئاینی و رۆشنبیریو سیاسیەکانیشەوە) و کاری سەرەکیان پارێزگاری کردنی قەلای دامو دەزگاکانە، بۆیە هەردوولایان هەڵوێستیان پارێزگارانەیەو ئەمەش وا دەکات دەسەڵات بێ رەقیب بمێنێتەوەو بەئارەزوی خۆی هەنگاو هەڵگرێ، لەکاتێکدا (ستونی) کارکردن دوو رەهەندی هەیە، یەکەم بەرهەم هێنان، دووەم نەهاتنەوە لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەلات، چونکە ئەم جۆرە کارکردنە شتە ئامادەو وەڵامە داسەپێنراوەکان تێك دەشکێنێ کە خودی دەسەڵات یەکێکە لەوەڵامە ئامادەکان.

تەمەنی هەوڵو تەقەلای هەردوولا تا سنورێکە: واتە کایەی رۆشنبیری وەك شتێکی ئەنتۆلۆژی وەرناگرن، تا ئەو سنورە لەگەڵ رۆشنبیریدا دەڕۆن کە وەزیفەو بەرژەوەندێکی جێگیر دەسەبەر بکەن.

ئەگەر دوا سنوری هەولی (مەلا) دوانزە عیلمی بێ ئەوا دوا سنوری ئەفەندیش (بوونە مامۆستای زانکۆیە)، ئەگەر تەقەلای (مەلا) مامۆستای ئاینی بەبەستنی مێزەرو جبە کۆتایی پێبێ، ئەوا کۆششی ئەفەندیش بە بەستنی بۆینباخو لەبەرکردنی قاتێك کۆتایی دێ، ئەمە دەڵێم ئەوەشم لەبەرچاوە کە بەڕاستی لەواقیعی ئێمەدا هەولی جیدی زۆر بەدەگمەن نەبێ هەستی پێناکرێ لەلایەن ئەو دوو رۆشنبیرە لەکاتێکدا لەرۆشنبیری عەرەبیدا ئەکادیمی وەك (د. محمد عابد الجابری) مان هەیە کە زۆربەی زۆری نوسینە فیکرییەکانی پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆراکەی نوسیونی هەروەها کەسێکی وەك (د. عبدالکریم سروش) لە رۆشنبیری ئێرانیدا بەهەمان شێوەو دەیان نمونەیتر...

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەپێچەوانەوە مەلاو ئەفەندی ئێمە دەبنە رێگر لەبەردەم هەندێ پرۆژەی جیدیدا کە لەدەرەوەی خۆیانەوە لەهەوڵ دایە.

٣-وونی پرسیار لای هەردوولا: پرسیار ئەو چرکە زیندوەیە کە خەونەکانی رۆشنبیر بەرینتر و دەرگاکانی عەقڵو کۆشش رۆشن دەکاتەوە، پرسیار لەناجێگیریو قەلەقەوە سەرچاوە دەگرێ، لەحزەیەك رۆشنبیر لەخۆی رازیو سەقامگیر بوو، وەزیفەیەکی دەست خست، ئیدی پرسیاری جیدی لای کۆچ دەکاتو پرۆژە گشتییەکانی بچوك دەبنەوەو دەبنە پرۆژەی تایبەتیو بەرژەوەندی تاکە کەس، لێرەوە دەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین، وونی پرسیار لای رۆشنبیر یەکسانە بەوونی ونەبوونی پرۆژەی جیدی، چونکە وونی پرسیار خەونەکان دەمرێنێ و ئاسۆکان تەسك دەکاتەوە، چرکەیەکیش خەون نەبوو هەولو کۆششیش ئامادەگی نابێن هەر بۆیەش بەداخەوە تا ئێستا پرۆژەی جیدی لەلایەن ئەو دوو رۆشنبیرەوە شك نابەین.

ئەو هۆکارەی لەپشت کوشتنی پرسیارەوەیە لای هەردوولا سەقامگیربونیانە، ئاشکرایە لەسەقام گیربووندا (وەزیفەو بەرژەوەندی) کاریگەری دەبی نەوەك پرسیارە ئەنتۆلۆژییەکان.

٤-دەگمەنی پرۆسەی نوسین لای هەردوولا ئەوەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:

١-وا پڕکراون یان خۆیان وا پڕ کردووە کە نوسراوەکانی رابردوو هەموو شتێکیان بڕیوەتەوە.

٢-سلبیانە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەو نوسراودا (واتە سەرچاوە ئەمان بەکاردەهێنێ نەوەك ئەمان سەرچاوە بەکاربهێنن).

٣-شعور نەکردن بەقەیرانو گرفتەکانی کۆمەڵگاو نەبوونی روحیەتی قوربانیدان لەو پێناوەدا.

٤–زاڵی گوتاری (ووتن) بەسەر گوتاری (نوسین)دا.

٥–مەیلداری بۆ ئەریێ رەهاو نەریێ رەها؛ واتە یان تەسلیم بوون یان بانگهێشتی جەنگ، و نەبوونی شتێك لەو نێوەندەدا، گرفتــی سـەرەکی هەردوولایـە، بـەجۆرێك کـە لەهـەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا رەنگی داوەتەوە، هـەر لایـەك بـەرەهایی فۆرمێکـی رۆشـنبیری قەبوڵـەو بەرامبەرەکـەی بەرەهایی رەفزە، لێرەوە ئەوەی پێیدەوترێ پـەیوەندی، ئـەوەی پێیدەوترێت مامەڵـەو گفتوگۆ، لەگۆڕ دەنرێ قەیرانەکانی ئێمە لەم خاڵـەوە سـەرچاوە دەگـرن، بۆیـە چرکەیـەك دەمانـەوێ بـاس لەقەیرانی رۆشنبیری بکەین، گەرەکە لەم خاڵەوە هەنگاو بنێین، ئەگین سەرمان لە قەیرانی تـرەوە دەردەچێ... بۆیە پێویستە میتۆدێکمان بۆ مامەڵـە هـەبێ‌و بەشـێوازێکی سیسـتماتیکیانە لەگـەڵ شتەکاندا مامەڵە بکەین.

٦–کۆپی بوونەوەی کەسێتی هەرلایەکیان لەیەك فۆرمدا:

واتە بەشێوەیەکی گشتی‌و ئاسۆیی هەموو (زانایانی ئاینی) کوردستان لەیەك کەسـێتیدا کـورت دەبنەوەو لەیەکێکیشیاندا هەموویان، بەهەمان شێوەش (ئەفەندی) هەموویان لەیەکێکیاندا کـورت دەبنەوەو لەهەمووشیاندا یەکێك.

ئەگەر هۆکارە جیاوازەکان وایان لەئێمە کردبێ کەچەند خاڵێکی هاوبەشـی ئـەو دوو رۆشـنبیرە بخەینەڕوو، ئەوا قەت ئەوە ناگەیەنێ کەئێمە باوەڕمان بەوە نی‌یە کـە ئـەو دوو رۆشـنبیرە لەچـەند خاڵێکی جەوهـەریدا جـودان، لـێرەوە ئەمـەوێ بڵێـم تاڕادەیـەکی زۆر هـاوڕام لەگـەڵ د. عبدالکریـم سروش دا کەسێ خاڵی جیاوازی لەنێوان نوێنەرانی (حوجرە)و (زانکۆ)دا دەستنیشان دەکات:

١–لـەپێش زانسـتی ئاینی‌یـەوە حوجـرە (حـوزە) بـاوەڕ هەیـەو مولتـەزیمن بەتێگەیشـتن، لەحاڵەتێکدا لەپێش زانستی زانکۆیی‌یەوە باوەڕ ئامادەگی نی‌یەو و مولتەزیمن بەرەخنە.

٢–لـەحاڵی حـازردا (مەبەسـتی ئێسـتای کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە) نوێنـەرانی حوجـرە پەیوەندی‌یەکی توندیان بەدەسەڵاتەوە هەیە، لەکاتێکدا زانکۆیی‌یەکان وانین

٣–وەرگری حوجرەو زانـای ئـاینی، جگـە لـە وەرگـر (مخـاگب)ی تایبـەت خـەڵکی عـەوامیش بەهەمان شێوە دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لای زانکۆیی‌یەکان بوونی نی‌یە.

ئەڵبەتە من هاوڕام لەگـەڵ د. سروش دا بەتایبـەت لـەخاڵی یەکـەمدا کـەخاڵێکی جەوهەری‌یـە، بەڵام جێی سەرەنجی من ئەوەیە سەرەڕای ئـەو جیاوازی‌یـە جەوهەرییـەش هێشـتا کـاری ئەفـەندی لەسەرو هەموویانەوە (مامۆستایانی زانکۆ) لەزۆر رووەوە لەگـەڵ کـاری (مـەلا)دا جـودا ناکرێتـەوە. ئەگـەر هـەر بەسـەرپێیەکەوە سـەیری لێکۆڵینـەوەکانی دەرچوونـی بـەکالۆریۆو نامـەی ماسـتەرو دکتۆراکانی کوردستان بکەین‌و لەگەڵ خوێندکـاری ئـەو قۆناغانـەدا بدوێـین، ئـەوا زۆر بەراشـکاوی هەست بەوە دەکەین کەزۆر شتی لایە، دەیـەوێ زۆر شـتی نـوێ بڵـێ دەیـەوی تێپـەڕێ، ئـەخوازی داهێنان بکا، بەڵام گەورەترین رێگر سەرپەرشتیارەکەیەتی (مشرف) کـەرێگا نـادا خوێندکارەکـەی شتێ بڵێ کە لەگەڵ قاڵبـەکانی زانینـی ئـەمدا یـەك ناگرنـەوە، جـا ئـەو ترسـە راسـتەوخۆ بـێ یـان ناڕاستەوخۆ، واتە زۆرجار خوێندکار لەبەرئەوەی لەناخیدا هەست بەو ترسە دەکات زۆر شـت ناڵـێ نەوەکو لەگەڵ میزاجی سەرپەرشتیارەکەیدا یەکنەگرێتەوەو تامەکەی پەسەند نەکرێ.

## رۆشنبیر لەخۆیدا....

## رۆشنبیر لەدەرەوەی خۆیدا....

رۆشنبیر کێیە؟ ئەمە پرسێکەو گەرەکە هەریەك لەئێمە لەمیانەی قسەکردنیدا لەسەر رۆشنبیرو کارکردەکانی لەخۆیی بکات ئەوکات دەتوانێ دەرگای مەسەلە مەعریفیەکان لەخۆی بکاتەوە.

دوو رەگەزی سەرەکی پێناسەی رۆشنبیر بەرجەستە دەکەن:

١-ماهیەتی رۆشنبیر لەناخی خۆیدا.

٢-ماهیەتی رۆشنبیر لەدەرەوەی خۆیدا (لەکارکردەکانیدا)

وەك گشت کایە مەعریفیەکانی دی، رۆشنبیر پێناسە گەلێکی جۆراوجۆری بەدەوردا خڕبۆتەوە، بەلاّم هیچێکیان لەجوغزی ئەو دوو رەگەزە ناچنە دەرەوە، بۆیە دەتوانین بلێین رۆشنبیر هەم شتێکە لەخۆیدا هەم لەدەرەوەی خۆشیدا.

لێرەوە دەتوانین قسە لەسەر ئەوە بکەین، هەر بیریارەو هەر ئایدیایەك لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە پێناسە دەداتە رۆشنبیر، بۆیە ناتوانین لەپێناسەکانی رۆشنبیر وخودی رۆشنبیر بگەین، تاوەکو لەو روانگانە حالّی نەبین کەپێناسەکانیان لێوە سەرچاوە دەگرێ.

بەڕای من زۆرێ لەپێناسەکان ئەو دوو رەگەزەیان لەبەرچاو گرتوە، ئەگەر رەچاویان نەکردبێ ئەوا وا نازانم بەرجەستەی رۆشنبیر و کاری رۆشنبیریان کردبێ.

ژان پۆل سارتەر وەك رابەرێکی (بوون گەرا) کە دەیەوێ مرۆڤ (خود) چالاکانە لەهەموو مەیدانەکانی ژیاندا کاریگەری هەبێ و خودی بانگهێشتی (بوون گەراکان) زیندوکردنەوەی مرۆڤە، بە شۆڕشکردنی بەرامبەر گشت قالّبە سوارو ئامادەکان، بەم شێوەیە پێناسەی رۆشنبیر دەکات)

ئەو کەسەیە کە شوێنەواری سروشتی خۆی بەجێ دەهێڵێ، ئەو کەسەیە کەخۆی لەشتێك هەڵدەقورتێنێ کە پەیوەندی بەمەوە نیە)-١-

بەڕامانێکی خێرا پێناسەکەی سارتەر دەکرێ بەدوو برگەوە:

١-(سروشتی خۆی دەسەلمێنێ) بەهۆی پرسیارە ئەنتۆلۆژیەکانیەوە خودێکی سەربەخۆ بەرجەستە دەکات/ رۆشنبیر لەخۆیدا/.

٢-(خۆی لەهەموو شتێ هەڵدەقورتێنێ) کە پەیوەستە بە برگەی یەکەمەوە واتە دوای ئەوەی رۆشنبیر خۆی دۆزیەوە، ئەوکات لەو روانگەیەوەو بەشێوەیەکی وشیارانە بەشداری چالاکیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە دەکات / رۆشنبیر لەدەرەوەی خۆیدا/ لێرەوە لەدیدی سارتەرەوە رۆشنبیر هەم کەسێکە پرسیار دەکاتو هەرگیز کەسێکی بێباك نیە، بەڵکو بەرپرسە بەرامبەر هەموو شتێ.

لەلایەکی دیکەوە (ئەنتۆنیۆگرامشی) مارکیستی ئیتالی لەڕوانگەیەکەوە پێناسەی رۆشنبیر دەکات کەخۆی دەیەوێو بەرجەستەی ئایدیاکەی دەکات، ئەو دەیەوێ لەئیتالیایەکی رۆژئاواییدا کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەسەر بنەمایەکی مارکسی دابمەزرێنێ، بۆیە ئاسانە لای ئەو بگوترێت هەموو مرۆڤەکات رۆشنبیرن بەلاّم هەمویان رۆڵی رۆشنبیر نابینن.

لێرەوە گرامشی رۆشنبیر دەکات بەدوو جۆرەوە، لای ئەو مامۆستا تەقلیدییەکانی دەزگاکانیش رۆشنبیرن گەرچی ئەمانە جێگیرنو هەموو چرکەو ساتێ یەك شت دوبارە دەکەنەوە، جۆری دووەم رۆشنبیری (ئۆرگانی)یە کەڕاستەوخۆ بەشداری چالاکیو کردە جۆراوجۆرەکان کۆمەلایەتیەکان

دەكات، ئەمان بەردەوام لەكارو تەقەلادان و خەریكی بنیات نانن. (اگلاعـات سیاسـی – اقتصـادی ۹۲–۹۱ پیدوارد سعید)

لای گرامشی پێودانگی رۆشنبیری راستەقینە كارایی‌و چالاك بوونە، بۆیە رۆشنبیری ئۆرگانی بە بنیات نەرو رۆشنبیری تەقلیدی بەدوبارە كەرەوەیەكی بی بەرهەم لەقەڵەم دەدات، بەڵام لەهـەمان كاتدا رۆشنبیری تەقلیدی رەت ناكاتەوە چونكە یەكێكە لەپێویستی‌یەكانی (كۆمەڵگای مـەدەنی) و هێنانەدی خەونەكەی.

بەڵام ئەوەی لەپێناسەكەی گرامشیدا وونە، ماهیـەتی رۆشـنبیر خۆیـەتی. ئایـا ئـەو ماهیەتـەی كەرۆشنبیرەكەی گرامشی كاری لەسەر دەكات چی‌یە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بچینەوە جوغزی ئەو بازنەیەی كە گرامشی لێیەوە دەدوێ كـە ماركسیزمە، ئایدۆلۆژیای ماركسیزم ئـەو كەرەسـتەیەیە كـە رۆشـنبیرەكەی لەمـەڕ گرامشـی كـاری لەسەر دەكات، واتـە دەتوانـین ئـەوە بدركێنـین كەپێناسـەكەی گرامشـی بـۆ رۆشـنبیر ئـەوەندەی رەهەندێكی ئایدۆلۆژی هەیە، رەهەندێكی مەعریفی نی‌یە، ئەگەرچی بەشـێوەیەكی وەسـتایانە كـار لەسەر رۆشنبیر دەكاتو تانو پۆكانی تاو توێ دەكاتو نایـەوێ ئـەزمونی ماركسـیزمی رۆژهـەڵاتی وەك خۆی لەرۆژئاوادا دوبارە بكاتەوە، دیارە ئەمەش لەبەر دوو هۆ:–

١–لەپێناسەكەیدا ماهیەتی رۆشنبیر لەخودی خۆی‌دا دیار نی‌یە.

٢–لەپێناسـەكەیدا سـەروەری‌یەك بـۆ زۆرینـەی خـەڵك (پرۆلیتاریـا) بەئاشـكرا دیـارە (ئەمـەش لەخاڵە ستراتیژیەكانی ماركسیزمە).

بەپێچەوانەی گرامشی‌یەوە (جولیان بێنـدا) رۆشـنبیران بـەتاقمێكی بچـوك (فەیلەسـوف –شـا) لەقەڵەم دەدا، كەخاوەنی خەسڵەت گەلێكی تایبەتو ئەخلاقی بڵندی ویژدانی مرۆڤایەتین.

ئـەو وا دەبینـێ كـە رۆشـنبیران بوونـەوەر گـەلێكی زۆر دانسـقەن، بۆیـە نمونـەكانی بریتـین لە(سوقرات – مەسیح – سپیۆزا– ڤۆڵتێر– ئیرنس رێنان) و نمونـەی ئـەمان، بـەكورتی رۆشـنبیری راسـتەقینە بریتـین لەوانـەی كەهەسـت بـە بەرپرسـیاری دەكـەنو چێـژ لەتاقیكردنـەوە هونـەری‌و زانستی‌و میتافیزكیەكان وەردەگرن‌و بـەكاری جیدی‌یـەوە خـەریك دەبـن‌و هەمیشـە بـەرگری لـەبێ دەسـەڵاتان دەكـەن لەبەرامبـەر دەسـتەڵاتداراندا، بۆیـە بینـدا زۆر بـاوەڕی بـەهێزو دەسـتەڵاتی ئەخلاقی هەیە لای رۆشـنبیر. (اگلاعـات سیاسـی – اقتصـادی ژ ۹۲–۹۱ پیـدوارد سـعید) كـەوابوو لەپێناسەكەی (بیندا)دا هەردوو رەگەزەی پێناسـەی رۆشـنبیر هەسـت پێدەكـرێ چونكـە لای ئـەو رۆشنبیر چێژ لەتێرامان‌و بیركردنەوە دەبینێ‌و لەلایەكی دی‌یەوە هەسـت بـە بەرپرسـیاری دەكـات (ئەگەرچی زۆر موقەدەس سەیری دەكات).

هەر لەهەمان دیدگاشەوە (سی – رایت – میلز) پێی وایـە (هونەرمـەندو رۆشـنبیری سـەربەخۆ لەو كەسـێتی‌یە دەگمەنانـەن كـە بـۆ دژایـەتی كردنـی قاڵبـەكان ماونەتـەوە) (اگلاعـات سیاسـی – اقتصادی ژ ۹۲–۹۱ پیدوارد سعید)

د. محمد عابد الجـابری ئـەوە روون دەكاتـەوە، رۆشـنبیر كەسـێكە لـە روانگـەی بیركردنـەوەی رۆشنبیرانی پێش خۆیەوە بەشێوەیەك لەشێوەكان، راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بـیر دەكاتـەوە، جایا وەكو، لەسەر رێڕەوی ئەو دەڕوا، دوبارەی دەكاتەوە، دژی دەوەستێتەوە، یـا تێپەڕێنـەرپێنێ ... هتد..

بـەڕای جـابری رۆشـنبیرێك نیـیـە لەسـفرەوە دەسـت پـێبکـات، بیرکردنـەوە، بیرکردنەوەیـە لەبابـەتدا، جـا ئـەو بابەتـە (بیرۆکـەکان) بـێ یـاخود دراوەکـانی واقیعـی سروشـتیو ئـابوریو کۆمەلایەتی. (المیقفون والحچاره العربیه – لا ٧٧).

لەوەڵامی پرسیارێکدا (واتای رۆشنبیر چییە؟) پیتەر ئیستەر هازی "Peter Ester hazy" هەنگاری دەڵێ (رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە پرسیار دەکات.

ئەو منداڵـەی حـەزی لەپرسـیارکردنە، رۆشـنبیرە، بـەڵام ئـەو پرۆفیسـۆرەی جـار لـەدوای جـار وەڵامە حازر بەدەستە کۆنەکانی خۆی دەخاتەڕوو، رۆشنبیر نییە) (رەهـەند ژ، ٦، پپسـی سـنین. و/ هەڵکەوت عبدالله).

ئەم پێناسەیەی ئیستەر هازی شایستەی ئەوەیە هەڵوێسـتەی لەسـەر بکـەین، چونکـە لەلایـەك ئەوەمان بۆیـەك لایـی دەکاتـەوە، ئـەوەی پرسـیار ئامـادەگی تـەواوی نـەبێ لای بـا پرۆفیسـۆر و مامۆستای زانکۆش بێ رۆشنبیر نییە.

کە ئەمە لەبەشی یەکەمی ئەم باسە دا تیشکمان خستۆتە سەر*. لەلایەکی دی تیشك دەخاتـە سەر دوالیزمەی (پرسیار – وەڵام) ئامادەگی پرسیار وەك شوناسی رۆشنبیرو ئامادەگی وەڵام وەك شوناسی نارۆشنبیر.

ئامـادەگی وەڵام بـەمانای بکـوژی مەعریفـە، پرسـیار ئـەو چرکەیـە لـەدایك دەبـێ کەرۆشـنبیر زیندوەو شعور بەگرفتەو ئیشکالە جۆراوجۆرەکان دەکات،

ئامادەگی وەڵام بەو مانایەی کەئیدی رۆشنبیر لەچالاکی کەوتوەو کوێرە بەرامبـەر گرفتـەکانو دەستەوسانە لەچارەکردنیان، پرسیار بەردەوام هەوڵو کۆششی لەگـەڵ خۆیـدا بەرهـەم دەهێنـێ، ئامادەگی وەڵام واتە وت بوون و بەرجەستە کردنی کاری نێگـەتیڤ، پرسـیار بەهەمیشـەیی ئـەنتی وەڵامەو دەستەڵاتی وەڵامەکان ئەوکاتە لەترۆپکدایە کەپرسیارەکان لەبنەوەن.

چرکـەی لـەدایك بوونـی پرسـیار یـانی رازی نـەبون، یـانی شـۆڕش کـردن بەرامبـەر وەڵامـە ئامادەکان، وەڵام واتە دەستەڵاتو هێزی ئامادە بەهەموو رەهەنگە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئـاینیو رۆشـنبیرەکانەوە، وەڵام هـەموو قاڵبـە بـاوو کـۆنو داسـەپێنراوەکانە، وەڵام هـەموو ئـەو کـۆتو زنجیرانەیە کە رۆشنبیرو ناوەندی رۆشنبیری ئێمەی تاساندووە، ئەگەر ئەمانەی ئامـاژەمـان پێکـرد وەڵام بن، ئەوا پرسیار شۆڕشە دژی هەموو ئەمانـە، چونکـە لەلایـەك بوونـی پرسـیاری نـوێ یـانی خستنە کەوانەی وەڵامە کۆنەکان، لەلایەکی دیش پرسیاری نوێ وەڵامی نوێو ئەلتەرناتیڤی نوێی دەوێ.

لـێرەوە دەتوانـین ئـاوا پێناسـەی رۆشـنبیر بکـەین (ئـەو کەسـەیە ئامـادەگی پرسـیار شـتێکی حەتمیـە لایو رازی نیـیـە بەوەڵامـە ئامادەکـانو بـەردەوام لـەژێر رێنوێنـی پرسـیارە نوێیـەکاندا لەهەوڵدایە ئەلتەرناتیڤی نوێ پێشکەش بکات.

کەواتە

ئامادەگی پرسیار = رازی نەبون بەوەڵامو دەستەڵاتو قاڵبی ئامادە.

کەسی رۆشنبیر= تێکشکێنەری قاڵبەکانو پێشکەش کردنی ئەلتەرناتیڤ.

لێرەدا دەگەینــە ئـەو دەرئەنجامـەی رۆشـنبیر هـەم شـتێکە لـەخۆیداو شتێکیشـە لـەدەرەوەی خۆیدا.

## جۆرەکانی مەعریفەو چۆنیەتی کارکردنی رۆشنبیر

باس کردن لەرۆشنبیر مەحاڵە لەتەکیدا باس لەمەعریفە نەکرێ، باس کردن لەپەیوەندی مەعریفە بەرۆشنبیرەوە دروست ناکەوێتەوە و هیچ کایەیەك شیکار ناکات، ئەگەر بەجۆرێك لەجۆرەکان پۆلبەندی نەکە ین. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین مەعریفە بەسێ جۆر پۆلێن بکەین.

١-مەعریفەی پەتی

٢-مەعریفەی تەلقینی (تەوجیهی).

٣-مەعریفەی ناوەندی.

ئاشکرایە ئەم سێ جۆرەی مەعریفە هەریەکە پێناسەو ناوەندو زەمینەو چۆنیەتی گەلاڵە بوونی تایبەت بەخۆیان هەیە، لێرەوە دەبێ ئەوە روون بکەینەوە، ئەگەر مەعریفەی پەتی مەعریفەیەکی بێ چوارچێوەو بێسنوربێ ئەوا مەعریفەی تەلقینی مەعریەفەیەکی چوارچێوەدارو دیاری کراوە. ئەگەر یەکی لەهاوماناکانی مەعریفەی پەتی (ئەکادیمی بوون بێ) بەدەر لەمانا تەقلیدیەکەی، ئەوا لەهاو ماناکانی مەعریفەی تەلقینی جەماوەری بوونە.

ئەگەر ئیش کردن لەسەر مەعریفەی پەتی کاری سەرەکی فەیلەسوفو بیرمەندان (پاڵەوانە مەعریفیەکان) بێ‌ن ئەوا مەعریفەی تەلقینی واعیزە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئایینو مەزهەبیەکان پێی هەڵدەستن ئەگەر خاڵی دەست پێکی مەعریفەی پەتی چێژ وەرگرتنبێ لەتێفکرین و تێرامان و لەوێوە سەرچاوە بگرێ، ئەوا لەمەعریفەی تەلقینیدا داگیرکردنو کۆنترۆڵ کردنی بەرامبەر (زۆرینە خەڵك) تەحەککوم دەکات.هەر بۆیە لەمەعریفەی پەتیدا بێلایەنیو کرانەوە هەیە، لەتەلقینیدا لایەنداریو دەمارگیری ئامادەگی هەیە، لێرەوە مەعریفەی پەتی پێش وەخت بریاری سەلبیو ئیجاب نادات بەسەر شتەکاندا، لەکاتێکدا مەعریفەی تەلقینی مانەوەی پەیوەستە بەبریارە پێش وەختەکانیەوە، کەواتە دەتوانین مەعریفەی پەتی بەئیشکردنێکی ستونیو مەعریفەی تەلقینی بەئیشکردنێکی ئاسۆیی لەقەڵەم بدەین، لێرەوە دەشێ دان بەو حەقیقەتەدا بنێن کە مەعریفەی پەتی مەعریفەیەکی زیندوو دەگمەنە لەبەراود کردنیدا بەمەعریفەی تەلقینی، ئەمەش هەرگیز پاساو نیە بۆ نەبوونی مەعریفەیەك بەناوی (مەعریفەی پەتی).

ئەگەر ئەمانە هێڵە سەرەکیەکانی ئەو دوو جۆرەی مەعریفەبێ، ئایا جۆری سێیەم (مەعریفەی ناوەندی) چیە؟ ئەگەر بکرێ لەهەوڵێکدا بۆ ناساندنی گەرەکە بڵێین (مەعریفەی ناوەندی) بەردەوام پێیەکی لەنێوەندی مەعریفەی پەتیو پێیەکەی دی لەناخی واقیعداو بەجۆرێ لەجۆرەکان ئیش لەسەر شیکارکردنی مەعریفەی تەلقینی دەکات. بۆیە ئەگەر ناوەندو نوێنەرێك هەبێ بۆ ئەم مەعریفەیە ئەوا رۆشنبیرە (بەو مانایەی کە لەم باسەدا بەرۆشنبیرمان بەخشی) و ناوەندەکەشی هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگایە بەگشتی، لێرەدا سانایە بڵێین ئەمرۆی رۆشنبیری کوردی زۆر زیاتر لەهەموو شتێ پێویستی بە مەعریفەی ناوەندی هەیە، بەمانا دەبێ رۆشنبیری ئێمە هەوڵبدات بەسود وەرگرتن لەدەرئەنجامەکانی مەعریفەی پەتیو ئەزمونەکانی مرۆڤایەتی، راڤە بۆ واقیعە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەو ئیش لەسەر جۆرێکی تری مامەڵەو جۆرێکی تری خوێندنەوەی مەعریفەی تەلقینی بکات.

بۆئەمەش پێویستی بەدوو هێز هەیە.

١–مەعریفەی پەتیو پرسیاری نوێ.
٢–شعور کردن بەگرفتەکانی کۆمەڵ.

بەڵگە نەویستە ئاوێتەکردنی ئەم دوو هێزە، گوتارێکی نوێ، ئەلتەرناتیڤێك، کەناڵێك، بوارێك، بۆ ئیش کردن دەکاتەوە، بە بەرجەستە بوونی ئەم گوتارەش (مەعریفەی تەلقینی) وەك وەڵامێکی ئامادەو شتێکی سواو دەکەوێتە مەترسییەوە، رێگا خۆش دەبێ بۆ هاتنە کایەی رۆشنبیرێکی نوێو رۆشنبیری کۆپی مەرگی رادەگەیەنرێ، لێرەوە ئیدی شەڕی نێوان دوێنێو ئەمڕۆ، شەڕی نێوان کۆنو نوێ لەدایك دەبێ، بۆیە رۆشنبیری نوێ دەبێ زۆر وەریابێ لەوەی بخزێنرێتە ناو دەرگیرییە لاوەکییەکانەوە، چونکە بەردەوام رۆشنبیری کۆپی دەیەوێ رایکێشێتە ئەو مەیدانەوە، تا سەرقاڵی کاری جییدی نەبێو مردوییی ئەم پەردەی لەسەر هەڵنەماڵرێ، چونکە ئەوە لەبەڵگەنەویستەکانە کەبچوکیو ناشیرینی شتەکان چرکەیەك هەست پێدەکرێ کە لەگەڵ شتێکی گەورەترو جوانتردا بەراورد بکرێ.

ئەگەر بەئاسانی تەسلیمی ئەوە ببین کە مەعریفەی پەتی (فەیلەسوفو بیرمەند) دەخولقێنێو، مەعریفەی تەلقینی (رۆشنبیر، کۆپی) مەعریفەی ناوەندی رۆشنبیری جیدی بەرهەم دەهێنێ، ئەوا لەهەمان کاندا لەگەڵ دروست بوونی گوتاری نوێدا مەترسی دروست بوونەوەی رۆشنبیری کۆپی لەئارادایە، ئەگەر ئەمەش کۆمەڵی پاساوی تایبەتی هەبێ، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە خۆبەدەستەوە بدەینو هیچ دژە کردارێك لەئاستیدا وەرنەگرین.

بمانەویو نەمانەوێ کۆمەڵێك پاساوی کردەیی هەیە وا دەکات سەرلەنوێو لەفۆرمێکیتردا رۆشنبیری کۆپی دروست ببێتەوە.

لەو پاساوانە:–

١–پاساوی خودی:– ئەگەرچی تاکەکان لەجەوهەردا جودان بەڵام لەزۆر هێڵی گشتیدا هاوبەشن، هەر ئەم نەستە دەستە جەمعیەش (بە زمانی کارل یۆنگ) وا دەکات لەیەك شوێن و کاتتدا یاخود لەدوو شوێنکاتی جیاوازدا، دوو هونەرمەند، دوو شاعیر، دوو بیریار....، یەك شتی هاوبەشیان لەلا گەڵاڵە ببێ، کە لەزۆر رووەوە لەیەك بچن.

هەریەك لەئێمە زۆرجار لەمیانەی خوێندنەوەی کتێبێك، شیعرێك، چیرۆکێك، گوتارێکدا، ئەوەمان لا روون بووەتەوە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیڵێین یان ووتومانە بەهەمان شێوە یان بەزیادو کەمێکەوە لای کەسێکی ترو بەجۆرێ لەجۆرەکان وتراوە، بۆیە دەبێ زۆر وریابین لەجیاکردنەوەی ئەم حاڵەتە لەگەڵ لاسایی کاریدا.

(واتە هەرساتێك شتێکی دووبارەمان بینی لای دوو کەس، بەبێخوێندنەوەی هیچ باروزروفێك راستەوخۆ یەکیکیان بەلاسایی کار لەقەڵەم بدەین).

٢–پاساوی بابەتی:– هەروەك چۆن چەند هێڵێکی گشتی هاوبەشی لەنێوەندی تاکەکاندا هەیە، بەهەمان شێوەش چەندین هێڵی گشتی هاوبەش لەدەرەوەی خود (بابەت)دا هەیە.

لەم روانگەیەوەیە کاتێك کەسێك لەگەڵ دیاردەو رووداوو واقیعێکی دیاریکراودا مامەڵە دەکات، هەمان ئەو دەرئەنجامانە دەدات بەدەستەوە کە کەسێکی دی لەئەنجامی مامەڵەی لەگەڵ هەمان واقیعدا پێیگەیشتووە، بێگومان ئەم دوو حاڵەتەیە وادەکات لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا، هەر ئەمەش وا دەکات کە هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی سود لە ئەزمونەکانی لەیەکتری وەرگرن، ئەگەر

ئەمە حاڵی هەموو جیهان بێ، دیارە دەبێ حاڵەتی هاوبەش لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەجیا زۆر لەوە زیاتربێ، واتە مادام لەکۆمەڵگایەکدا بابەتەکانی یەکن‌و دیارە دەبێ دەرئەنجامەکانیش کەم تا زۆرێك لەیەکەوە نزیك بن، سەرەڕای بوونی جیاوازی ئایدۆلۆژی لێرەوەیە لەناوەندی رۆشنبیری کوردیدا لەم پەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ لەزۆر هێڵی گشتیدا هاوبەشن، بۆ نمونە بانگهێشتی کۆمەڵگای مەدەنی بەگشت میکانیزمەکانیەوە. فرە رایی، ئازادی رادەربڕین، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مەسەلەی فیدراڵی، قسەکدرن لەسەر شوێنگەو چۆنیەتی کاریگەری‌و چۆنایەتی مامەڵەکران لەگەڵ ئایندا... هتد) ئەمانە کۆمەڵە مەسەلەیەکن بەگشتی لەناوەندی رۆشنبیری کوردیدا (بەتایبەت رۆشنبیرانی نوخبە) بە جۆرێ لەجۆرەکان ئیشی لەسەر دەکرێ.

ئەم دوو (پاساوە) لەلایەکەوە ئیجابی‌یە چونکە دەبێتە هۆی لەدایك بوونی (یەکبونی گوتاری رۆشنبیری) و لەلایەکی ترەوە لەکایەی مەعریفیدا سەلبی‌یە چونکە رێگا خۆش دەکات بۆ دروست بوونی رۆشنبیری کۆپی‌و برەودان بەلاسایی‌کاری، بۆئەوەی هەریەکی لەم پاساوانە لەگەڵ (لاسایی کاریدا) جوێ کەینەوە دەبێ چەند مەرجێکیان بۆ دابنێین:-

یەکەم: مەرجی (پاساوی خودی) :- مەرج وایە کارەکە بەهۆشیاری‌یەوە ئەنجام نەدرابێ، واتە خود نەویستانە بوبێ. ئایا چۆن بزانین کارەکە لائیرادی ئەنجام دراوە؟ بێگومان ئەمە کارێکی سانا نی‌یە، گەرچی دەکرێ بەلایەنی کەمەوە دوو رێگا هەیە بۆ جوێکردنەوەیان:-

١-سەربەخۆیی زمانی نوسین:- واتە لەرووی زمان‌و شێوازی نوسینەوە جیابن، بەجۆرێك هەریەکەیان جیاواز لەویدی لە مەسەلەکە دەدوێ‌و هەلاوێردی دەکات، واتە سەربەخۆی‌و خودییەتی خۆی لەزمان‌و شێوازی دەربڕیندا دەسەلمێنێ.

٢-مەرجە حاڵەتی دوبارە بوونەوە شتێکی ئاسایی نەبێ‌و لەهەموو حاڵەت‌و مەسەلەکاندا دووبارە نەبێتەوە، بەڵکو خاوەنی سەربەخۆیی و داهێنانی خۆی بێ لەبوارەکانی پسپۆڕی خۆیدا، واتە حاڵەتی دوبارە بوونەوە حاڵەتێکی ئاسایی نەبی‌و ئاسایش تەماشا نەکرێ‌و هەمیشە ئەو بڕیارە لای خۆمان قیت کەینەوە، بۆ دەبی شتی دوبارە بڵێین؟ رێگاکانی نوێ ووتن چین؟ چۆن بەدەستیان بهێنین؟

دووەم: مەرجی پاساوی بابەتی:- بەپێچەوانەی مەرجی پاساوی خودی‌یەوە گەرەکە بەئاگایی‌یەوە ئەو کارە ئەنجام بدات، واتە بەئاگاداری لەرەوشی رۆشنبیری‌و گۆڕانکاری هەوڵەکانی بخاتە پاڵ هەوڵەکانی دی کە دەدوێ بۆ تێپەڕین‌و جێهێشتنی بارودۆخی ئێستاو بەرجەستەکردنی ئەلتەرناتیڤ‌و کارکردن بۆ سەرخستن‌و بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەلتەرناتیڤە، واتە دەبێ رۆشنبیر لەگەڵ ئەو بزاڤە شاراوەیەی کۆمەڵگادا کارەکانی خۆی بخاتەگەڕ و لەوێوە گۆڕان بخولقێنێ. لێرەوە لەم جۆرە ئیشکردنەوە شتێك لەدایك دەبێ پێیدەگوترێ (یەکبونی گوتاری رۆشنبیری)، کە چەندێ جێی بایەخە ئەوەندەش مەترسی دارە، چونکە زۆرجار لەگەڵ خۆیدا جۆرێك لەمەعریفەی تەلقینی بەرهەم دەهێنێ بەخاتری بەرجەستەکردنی خۆی، کەراستەوخۆ لەبەئایدۆلۆژیکردن‌و بەمەزهەب کردنی گوتاری نوێدا کاریگەری لەبەرچاو دەبێ، ئەمەش لەچەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبێ:-

١-فرە دەنگی‌و فرە رەنگی دەکوژێ: واتە فرە رەنگی‌و فرە دەنگی بەرەبەرە روو لەنەمان دەکات و وای لێدێ ئەو گوتارە هەموو دیدەکانی دەرەوەی خۆی لا ناشرینە و نێرگزیانە خۆی

لاپەسەندە، بۆیە زۆرجار بەدیل دەبێتە ئایدۆلۆژیاو ماناکان دەکوژێ، دەبێت زانین (عیلم) و هەموو ئـەو شـعورانە (هەسـتانە) پێشـێل دەکـات کـە ئـەمی بەرهــەم هێنــاوە.** ئیـدی ئــەو شـێوازە ئیشکردنانەی کە لەجەوهەردا قـاڵبو چوارچێوەیـان ڕەفـزە خۆیـان دەبنـە قـاڵبو مەزهـەب، هـەر لێرەوە نەرێکردنی (بەرامبەر – دوێنێ – ئەوێندەر) دەست پێدەکات.

هـەر لـەم ڕوانگەیەوەیـە (برادەرانـی ڕەهـەند) گشــت هەوڵــەکانی دوێنــێ بەنــەزۆك دەزانــن و ڕۆشنبیرەکانیش بەعەوام لەقەڵەم دەدەن، لەبەرامبەریشدا ڕۆشنبیرانی دوێنێ ئەمان بەهــەرزەکارو پێنەگەیشتوو لەقەڵەم دەدەن.

لەلایەکی دی کاك زۆرینەی ئیشکردنەکانی دەرەوەی خۆی بەناعەقڵانی و ناعەقڵانی کۆنە خواز لەقەڵەم دەداتو هەوڵەکانی دژی کاك ڕێبین هەردی بەتایبەتو برادەرانی ڕەهـەند بەخـەرج دەدات ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەبەسوکی‌یەکەوە پرۆژەی ژیار وبنەکانی گۆڤاری (ژیـار) هەڵدەسـەنگێنێ، *** بەمانایەکی دی هەریەك خـۆی بـەمیرات گـردو نوێنـەری شـەرعی عەقڵانیـەت –عیلمانیـەت – مەدەنیەت – ئاینداری– نوێخواز... هتد دەزانێو بەرامبەرەکەی بەپێچەوانە تاوانبار دەکات.

ئەڵبەتە ململانێ شـتێکی ئاسـاییی‌یەو دیاردەیـەکی پۆزەتیڤیشـە لەهـەر ڕۆشـنبێرێکدا، ئـەوەی ئاسایی نی‌یەو قەیران دەخولقێنێ و مەبەسـتی سـەرەکی ئێمەیـە ئەوەیـە کەهەریـەك لـەو تاقمانـە پێش وەخت یەکتریان ڕەفرزەو کارەکانیان بۆ سفرکردنەوەی بەرامبەرە نەوەك بـۆ خوێندنـەوەی، گرفتەکە لەوەدایـە لـەناخی هەریەکـەیاندا تـۆوی لـەگۆڕنانی فـرە ەرنگـیو فـرە دەنگـی چێـنراوە، ئەمەش ئیشکالێکی جەوهەری ئێستای ڕۆشنبیری کوردی‌یە.

٢–دەردی پیرۆزگەرایی (تقدیس):– ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی خاڵی یەکەمە چونکـە سـاتێك مـن ئەویدیم ڕەفزە کەواتــە خۆمـم لاپـیرۆزە، بۆیـە ئەوکاتـە جیاوازیـەك نامێنـێ لـەنێوان ئـەو کەسـەی ئیدیعای عەقڵانیەت دەکاتو ئــەو کەسـەی ئیدیعـای مەزهـەب، ئـەو کەسـەی ئیدیعـای نوێخـوازی دەکاتو ئەو کەسەی پارێزگارە، ئەو کەسەی ئیدیعای دیموکراسی دەکاتو ئــەو کەسـەی ئیدیعـای دکتاتۆری، چونکە وەك ئاماژەمان پێکرد لــەناخی هەریەکـەیاندا جێگایـەك نی‌یـە بـۆ هەناسـەدانی ئەویدی، هەر لێرەشەوەیە دەردی پیرۆزگەریای بزاڤی ڕۆشنبیری دەکوژێ، ئەگەر نێوانێك – ئەگەر سنورێك نەمێنێتەوە بۆ تێزە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە ئیدی سنورێکیش، بوارێکیش بۆ کــارکردنی ڕۆشنبیر نامێنێتەوە.

د. عبدالکریم سروش ووتەنی، ئەگەر پاساوێكو بەهانەیەك هەبێت بۆ پیرۆزگەرایی لەئایندا، ئەوا هیچ بەهانەیەك نی‌یە بۆ پیرۆزگەرایی لەعەقڵانیەتدا (دەرەوەی ئاین) چونکـە ئەگـەر لەیەکـەمینداو لەدیوێکی تێگەیشتنی ئایندا سەقفێك هەبێ بـۆ بیرکردنـەوە ئـەوا لـەدەرەوەی تێگەیشـتنی ئـایندا سەقفێك، سنورێك نی‌یــە بـۆ بیرکردنـەوە، (فربرتـراز ئیدۆلـۆژی د. عبدالکریـم سـروش ل٢٦٧) بـەڵام ئەوەی قەیرانی ڕۆشنبیری بەدەستی‌یەوە دەناڵێنــێ، ئەوەیـە کـە عەقڵانیـەت و موفردەکـانی تـری لەوجۆرەش سەقفیان بۆ بیرکردنەوە دروست کردووەو تەسلیمی کۆمەڵێك پرنسـیپی ئامـادەبوون و لادان لێی بەمەحاڵ دەزانن، ئەمەش ئیشکالێکی تری جەوهەری ڕۆشنبیری کوردی‌یە.

## هێڵە ستراتیژی‌یەکانی ( یەکبوونی گوتاری ڕۆشنبیری )

بەر لەوەی هەر هەنگاوێك هەڵێین، بەر لەوەی فەراغێك، بوارێـك و کـەناڵێك بکەینـەوە بـۆ ئیـش کردن، ئەگەر بمانەوێ لەم قەیرانە رۆشنبیریەیە رزگارمان بێت، گورێك بـەخۆمان بدەیـن، پێویسـتە خاڵە سەرەکیو ستراتیژەکانی روون بکەینەوە.

ئـەوەی ئەلتـەرناتیڤیە جیـددی دەخولقێنـێ، ئـەوەی دەیـەوێ کـارێ بـۆ ئێسـتای رۆشـنبیری کوردی بکات، گەرەکە ئەم ستراتیژە سەرەکییانە لەبەرچاو بگرێ:

١–فـرە دەنگـی لەیـەك گوتـاردا: گومـان لـەوەدا نییـە ئێسـتای رۆشـنبیری کـوردی پێویسـتی بەگوتارێکی یەکگرتوو هەیە کەگشت لایەك کاری جیدی بۆ بکەنو هەموو ئامرازەکانی بخەنەگەڕ بۆ بەرجەستە کردنی، بەڵام لەوە پێویست تر ئەوەیە کە لەناخو جەوهەری ئەو گوتارەدا باوەڕبونێکی کامڵ هەبێ بەدنیابینی جیـاواز، فرەرایـی، فـرە بۆچوونـی، فـرە دەنگـی هـەبێت، واتـە لەنیشـانەو تایبەت مەندییە سەرەکییەکانی ئەوە بێت کەباوەڕی بەفرە رەنگیو فرە دەنگی هـەبێتو هـەموو جیهان بینەکانی تێدا جێی بێتەوە. بێگومان ئەگەر وانەبێ ئەوا وەك هەموو هەوڵەکانی دی نـەزۆك دەبێ.

٢–ئامـادەگی رەخنـەو یـەکتری خوێندنـەوە مـادام جیـهان بینییـەکان جیـاوازنو دانیـان پێـدا دەنێین، کەواتە دەبێ رەخنەش بوونی هەبێ، بەڵام زەروورە چەمکی رەخنـە واڤـە بکـەین، رەخنـە یـانی سـفرکردنەوەی بەرامبـەرنا: یـانی بەبابـەت کردنـی بەرامبـەر، رەخنـە یـانی شـیکردنەوەو راڤەکردنو زیندوکردنەوەی جەوهەری بەرامبەر، نەوەك ناشرین کردنو مراندنی.

کاری رەخنە شیکردنەوەی بونیادە شعوریەکانی بەرامبەرە، نەوەك برِیـاردان لەسـەر پرنسـیپە ئامادەو قالبیەکانی بەرامبەر، رەخنـە یـانی پرۆسـەی ئاشـنابوون بەجیهانبینییـەکیدی، داخسـتنی دەرگا نییە بەرووی بەرامبەردا، واتـە ئیشـی رەخنـە کەشـفە نـەوەك نوقـم کـردن، ئیشـی رەخنـە شیتاڵە نەوەك بڕیاردان.

پێدەچێ کاری جەوهەری رەخنە، خوێندنەوەیەکی تری وێنەی (بەرامبـەر) بـێ، چونکـە مـەرج نییە ئەوە بەرامبەرەکەت بێ کە تۆ وێنات کردووە یاخود بۆیان وێناندوی، بۆیە رەخنە بەر لەوەی روو لەهەر ناوەندێکیتر بکات، گەرەکە دەرهەق بەو میکانیزمانـەبێ، کـە عـەقڵ دەیگرێتـە بـەر بـۆ خوێندنەوەو وێناندنی بەرامبەر (بەکەسو تێزە هـزریو شـتە واقیعیەکانیشـەوە)، لـێرەوە رەخنـە چەندێك بۆ دەرەوەی خـودە، زیـاتر لـەوە بـۆ ناوەوەیـە، رەخنـە بـۆ گۆڕینـی جـۆری مامەڵـە، بـۆ بەدیـهێنانی مامەڵەیـەکی جیـاواز تـرو نوێـترە، نـاکرێ رەخنـە لـەناوەندێکی جێگـیرو دۆگمـاوە بـۆ دەرەوەیەکی گۆڕاو فرە کایە ئاراستە بکرێ، بەڵکو دەبێ لـەناوەندێکی زینـدوو گـۆڕاوەوە مامەڵـە لەگەڵ دەرەوەیەکی گۆڕاودا بکات، رەخنـە ئـەو چرکیـەیە بەرهـەم هێنـە کـە شـتە مردووەکـانت لا زیندوکاتەوە، شتە بێنرخەکانت لا نرخ دار بکات، چونکە رەخنە لەمانایەکیدا گەڕانە بەشوێن شتە نـەزانراو فـەرامۆش کراوەکـاندا، ئامـانجی رەخنـە راکێشـانی شـتەکان نییـە بـۆلای خـۆی بـەڵکو رۆیشتنیەتی لەگەڵ شتەکاندا بۆ کەشف کردنی دنیایەکیترو ناوەندو جیهان بینییەکیتر.

٣–خۆ دەوڵەمەندکردن بەسەرچاوەی جۆراوجۆر: یەکێ لەسەرچاوە سـەرەکییەکانی رۆشـنبیر بوون دوای تێفکرێنو تێڕامان، (سەرچاوەو نوسراوە) بۆیە تا سـەرچاوەکان زۆربـن، جۆراوجۆربـن، رۆشنبیری جوداو دیدگاو بینشی جۆراوجۆر دێنەگۆڕێ.

ئەوەی ئیشکالی لەئێستای رۆشنبیری کوردیدا دروست کردووە، دیاری کراویی سەرچاوەیە، بەجۆرێك دەتوانی بەئاسانی بیان ژمێریّو دەست نیشانیان بکەی، لەم دیاریکراوی سەرچاوەیەوە بێگومان رۆشنبیری دیاریکراویش بەرجەستە دەبێن وا دەکات ببنە کۆپی یەکدی.

بۆیە دەبێ چالاکانە بگەرێین بەشوێن سەرچاوەی نوێدا، بگەرێین بەشوێن میتۆدی شایستەو کراوەدا بۆ کردنەوەی گرێ ئالۆزەکانی مێژوو و کۆمەلگا، دیارە کە دەڵێین سەرچاوەی نوێ مەبەستمان ئەو سەرچاوانە نییە کە تازە چاپ دەکرێن، بەڵکو مەبەستمان ئەو سەرچاوانەیە کەپشت گوێ خراون، کە بەکارنەهێنراون، کەسودیان لێنەبینراوە، ئەو سەرچاوانەی کە بەناهەق فرێ دراونەتە پەراوێزەکانی مێژووەوە، چونکە بەرای من چەندێك سەرچاوەکان بەمردوو و بێنرخ بزانین، ئەوەندە خۆمان مردوین، وەك روونیشمان کردەوە نابێ سەرچاوە بەکارمان بهێنێ بەڵکو دەبێ ئێمە سەرچاوە بەکاربهێنین، بەڵام ئەوەی رۆشنبیری کوردی کوشتوە ئەوەیە کەئێمە مەیتین‌و کۆمەڵە سەرچاوەیەك دەمان گێرن.

لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کەنیشانەی زیندویی رۆشنبیریەك لەوێوە دێ کەزۆرترین سەرچاوە زۆرترین میتۆدو زۆرترین دیدگا تیایدا ئامادەگی هەبێ.

## (( پرسیارو وەڵام یان رۆشنبیرو دەسەڵات ))

پێد ەچێ لەناوەندی رۆشنبیری ئێمەدا باسێك نەبی هێندەی باسی (رۆشنبیرو دەسەڵات یاخود دەسەڵاتو رۆشنبیر) بوبێتە جێ‌ێ قسە لەسەرکردن و ئەوەندەش رۆتینی کەوتبێتەوە، کە دەڵێم رۆتینی مەبەستم ئەو مەفهومەو هەڵەیە کەلەسەر ئەم دوالیزمەیە دروست بووە.

چرکەیەك بەجیا باس لە(روشنبیر) لەلایەك دەکرێ و (دەسەڵات) لەلایەکی دی، مانای ئەوە نی‌یە رۆشنبیر، دەسەڵات رەفز دەکات، بەڵکو مەبەست لەمامەڵەی رۆشنبیرە لەگەڵ دەسەڵاتدا، نەك بەمانای لەهەر شوێنێ دسەڵات هەبێ، نابێ رۆشنبیر ئامادەگی هەبێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە دەسەڵاتە رۆشنبیر بەرجەستە دەکاتو ئەوەش رۆشنبیرە کەدەسەڵات بەرهەم دەهێنێ.

چونکە نابێ ئەوە لەیاد بکەین کەیەکێ لەچۆنیەتیەکانی ئیشکردنی رۆشنبیر ئەوەیە کە بەرامبەر هەڵوێستی دیاری دەکات (واتە لەسادەترین مانایدا ساتێك بەرامبەرەکەی شل گیرە، بەمەبەستێك ئەم هەوڵی گورج کردنەوەی دەدا، و لەحزەیەك بەرامبەرەکەی توندو سەخت گیرە، ئەم هەوڵی ساردکردنەوەی دەداتو توندرەوی لەناخیدا دەکوژێ.... هتد).

رۆشنبیرو دەسەڵات ئەو دوالیزمەیەن کە هەریەکەیان مەرجی لەپێشینەی ئەویدییە، بەڵام ئایا دەسەڵات چی‌یە؟ چونکە پێشتر لەوە حاڵی بووین کە رۆشنبیر بەردەوام پرسیار دەکاتو هەمیشە لەبەرامبەر وەڵامە ئامادەکاندا، ئیش لەسەر پرسیارە نوێ‌یەکان دەکات، ئەگەر ئەمە روشنبیربێ، ئەوا (دەسەڵات) بریتی‌یە لەهەموو وەڵامە ئامادەکان، هەموو عاداتو تەقالیدە باوەکان، هەموو قاڵبە سواوەکان، دەسەڵات کۆی هەموو پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌و ئاینی‌و سیاسی‌و تەقلیدی‌یەکان دەگرێتەوە، لێرەوە جیاوازی جەوهەری نێوان رۆشنبیرو دەسەڵات ئەوەیە کە رۆشنبیر بەردەوام ئیش لەسەر پرسیارە نوێ‌یەکان دەکاتو دەسەڵات بەپێچەوانەوە بەردەوام ئیش لەسەر وەڵامە ئامادەکان دەکات، هەرئەمەشە وای کردووە هەریەك لەرۆشنبیرو دەسەڵات بەردەوام پێکەوە بژین‌و هەرگیزیش لەیەکدیدا نەتوێنەوە، چونکە ئەگەر خاڵو دەسپێك‌و ناوەندی

ڕۆشنبیری (پرسیار) و، خاڵو دەسپێکو ناوەندی دەسەلات (وەلام)بێ، ئەوا هەریەك لەوەلام و پرسیارەکان دەکەونە کێشمەکێشێکی جەدەلیەوەو، هەریەکەیان جۆرە مامەڵەیەکی دیاریکراو و بەرنامە ڕێژیان بەرامبەر ئەویدی هەیە.

دەسەلات (وەلام) بەهەمیشەیی ئیش لەسەر ئەوە دەکات ڕۆشنبیر (پرسیار) بخاتە نێوەندی گەمەکانی خۆیەوە، بەمەش دەیەوێ لەلایەك سەرقاڵی کاری لاوەکی بکاتو لەلایەکی دی بەکاری بهێنێ بۆ ئارایشتکردنو پاراستنی بەرژەوەندی دەزگاکانی خۆی، کەواتەدەبێ دان بەوەدا بنێن چرکەی لاوازی ڕۆشنبیر لەوەدا بەرجەستە دەبێ کەتێکەڵ بەگەمەکانی دەسەلات دەکرێو کارێکی بێئەنجام دەدرێ، کە کاری خۆی نییە، لێرەوە دەبێ بەماهیەتی خۆیو پرسیارەکانی لەگەمە لاوەکییەکانەوە دەگلێ بەڵکو ئەو بۆ خۆی گەمەی تایبەتو ئیشکردنی سەربەخۆی هەبێ،

لێرەوە دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کە بەهەمیشەیی ڕۆشنبیر ئەبێ دوو جۆر مامەڵەی هەبێ لەگەڵ دەسەلاتدا:-

یەکەم: مامەڵەی ئاسۆیی: واتە ئیشکردنێکی ئاسۆیی شان بەشانی هەموو کایەکانی دەسەلات بۆ چاکسازیو بەرەو پێش بردنی میکانیزمە پێشکەوتن خوازەکانی، دیارە ئەمەش لەلایەك تەریب دەکەوێتەوە لەگەڵ دەسەلاتە دیموکراسیەکاندا، لەلایەکی دیش تاکتیکێکە بۆ بەتاڵ کرنەوەی ڕەگەزی توندگیریو سەخت ڕەوییەکانی دەسەلات.

دووەم: مامەڵەی ستونی: چالاکترینو جیدیترین کاری ڕۆشنبیرە، کەبەشێوەیەکی قوڵو ستونی دەچێتە نێوەندی زمانی گوتاری دەسەلاتەوەو بەشێوەیەکی زانستیو دوور لەلایەنداری دەمارگیری شیتاڵی دەکاتەوە، تاوەکو لەلایەك هەموو ڕەهەندەکانی دەسەلات ئاشکرا بکاتو حەقیقەتەکان وەکو خۆیان دەخاتەڕوو لەوێشوە ئەوەی خۆی دەیەوێ ئەنجامی دەدات، لێرەوەو لەم جۆرە ئیشکردنەوە، مانای نوێ بەرهەم دێو فەراغی نوی دورست دەبێ بۆ ئیشکردن، کە جێگا بە سواوەکانو کارمەندە تەقلیدییەکان لێژ دەکات.

ئەڵبەتە ئەم دوو جۆرەی مامەڵە، هەر شێوەیەکبن هەرگیز ئەو مانایە دوبارە ناکەنەوە کەڕۆشنبیر لەناو بۆتەی دەسەلاتدا بتوێنێتەوەو قەت ئەوەش ناگەیەنێ کەڕۆشنبیر، دەسەلاتی ڕەفزە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەلات پانتاییەکی یەکجار والایەو ڕۆشنبیر بەردەوام لەوێوە مانا وەردەگرێو ماهیەتی خۆی بەرجەستە دەکات، دواتر ئەبێ ڕۆشنبیر لەوە حاڵی ببێ کەکاری ئەو شیعار بازی نییە دەبێ بەپرسیارەکانی هەموو کایەکانی دەسەلات بکاتە بابەتو لەهەمان کاتیشدا بابەتەکان بخاتە کەرەستەی خاوی ئیشکردنی.

بێگومان قسەکردن لەسەر دوالیزمەی (روشنبیر - دەسەلات) زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بەلام ئەوەندەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە ئەوەیە کە ڕۆشنبیر دەبێ بوارێك بۆ مامەڵە، بوارێك بۆ ئیشکردن لەسەر دەسەلات بکاتەوەو لەوێوە خۆی بەرجەستە بکات.

بەکورتی دەبێ بڵێین ڕۆشنبیر (کائینێکی مامەڵە کەرە) ڕۆشنبیر تاکێك نییە پێشوەخت شتەکانی (ئەرێو نەرێ) کردبێ بەڵکو روشنبیر کەسێکە ژیانی خۆی لەکارو مامەڵەدا بەخەرج دەداتو ماهیەتی ژیانیش جگە لەمە شتێکی دی نییە.

پەراوێزەکان:

*ئـەم باسـە بەشـێکە لەباسـێکی گـەورەتر بـەناوی (عیلـم و شــعور – بونیادەکــانی قــەیرانی روشنبیری) کــە لــەژمارە (٤)ی هــەژاندا بلاّوبوەتــەوە. بـۆ زیـاتر روون کردنــەوەی چــەمکی ئـاین‌و روشنبیری تەماشای ئەم بابەتە بکە.

** بـۆ روون کردنـەوەی زیـاتری ئـەم خاڵـە تەماشـای گۆڤـاری هــەژان (٤) (عیلـم و شــعور – بونیادەکانی قەیرانی روشنبیری.

*** گۆڤـاری نوێکـــار ژ–١– تەماشــای (دروشمــی گۆڤــاری (ژیــار) لــەپێناوی چ ژیــارێکی هاوچەرخی ئیسلامیدایە؟.

***چەمکی مەلاو ئەفەندی:**

١–مەلا: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی پـەیڕەوی کلتـوری مێژوویـی ئاین دەکەن‌و هەموو ئەو کەسانەش کەئەمان بەنوێنەری راستەقینەی ئاین دەزانن.

٢–ئەفەندی: هەموو ئەو کەسانەن کەبەشێوەیەکی دیاریکراوو تەقلیدی ئیش لەسەر ئەو قاڵبــە ئامادەیە دەکەن کە لەزانکۆو پەیمانگاکاندا دەیخوینن دەیڵێنەوە (واتە ئەو هەرەمەی کە لەنزمترین ئەکادیمی‌یەوە دەست پێدەکـاتو بەمامۆسـتای زانکـۆو پرۆفیسـۆرەکان کۆتـایی دێ) هــەموو ئـەو کەسانەش کە ئەمان بەرۆشنبیری راستەقینە دەزانن...

**<u>سەرچاوەکان:</u>**

١–المثقفون والحضارة العربية – د. محمد عابد الجابري.
٢–فر بارتر از اید ئو لوذی – د. عبدالکریم سروش.
٣–اطلاعات سیاسی – اقتصادی. ذ (٩٢–٩١).
٤–گۆڤاری رەهەند ژ –٦–